www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-7-2006 15:07

## رووبینا .. موغامەرەکانی حیزبوڵڵا! ... سەلاحەددین بابەکر

بەدیلگرتنی دوو سەربازە ئیسرائیلییەکە لەلایەن حیزبوڵڵای لوبنانییەوە لە (7/12) بە هەموو پێوەرە ئەمنی و سەربازییەکان کردەیەکی نەوعی بوو. هەروەکو چاودێران ئاماژەی پێ دەدەن. بەڵام لە هەمان کاتدا موغامەرەیەکی گەورەش بوو کە حیزبوڵڵا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێی هەستا. ئەمینداری گشتیی حیزبوڵڵاش دان بەوەدا دەنێ کە کار و کردەوەکەیان موغامەرەیە!

لە وەڵامی کردەکەی حیزبوڵڵادا. ئیسرائیل بە کردەوە شەڕێکی کراوەی هەمەلایەنەی لە دژی حیزبوڵڵا و لوبنان راگەیاندووە و چەند رۆژێکە ئەم شەڕە بە گەرمی بەردەوامە. ئیسرائیل ژێرخانی لوبنان و سەرجەم دەزگا و بارەگاکانی حیزبوڵڵاش موشەکبارانی زۆربەی شار و ئۆردوگا جولەکەنشینەکانی ئیسرائیلی کردووە. ئەمە تابلۆ و دیمەنی کێبەرکێ و شەڕەکەیە هەتا ئەم ساتەوەختە. بەڵام بێگومان تابلۆ و دیمەنی کۆتایی نییە. چونکە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ و شانۆگەرەییەکی زیندوو و راستەوخۆیە و دیمەنی تری زۆر ماوە.

هەریەک لە حیزبوڵڵا و ئیسرائیل پاساوو بیانووی خۆی هەیە بۆ کردەوەکانی و لەو روانگەوە درێژە بە شەڕ و کردەکانی خۆی دەدات. بەڵام من لێرەدا دەمەوێ بە شێوەیەکی بابەتیانە ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەم.

یەکەم/ لە مێژووی کێشەی فەلەستین . ئیسرائیلدا ئەوە یەکەم جارە دانیشتووانی مەدەنیی ئیسرائیل لە شار و شارۆچکە و ئۆردوگا جولەکەنشینەکاندا بەو جۆرەی ئێستا دەکەونە بەر هێرش. بەتایبەتی شارە دوورەکان لە سنورەوە وەک (تەبەریە و حەیفا) . لەوانەیە تەلئەبیبیش بچێتە ریزیانەوە. ئەمەش خاڵێکی نوێیە لە هاوکێشەکە و خاڵی لاوازی ئیسرائیلیشە. کە پێویستە ئیسرائیل لە کاتی درێژەدانی بە شەڕەکە حسابی زۆر بۆ ئەو خاڵە بکات. چونکە رای گشتی و خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیل لەو بوارەدا کێشیان زۆر نییە.

دووەم/ راستە ئێران و سوریا بە هەموو شێوەیەک یارمەتی و هاوکاریی حیزبوڵڵا دەدەن. هەروەها حیزبوڵڵا یەکێکە لە حیزبە چەکدار و سیاسییەکانی لوبنان. بەڵام ئیسرائیل ناتوانێ ئیعلانی شەڕ بکات لەگەڵ ئێران و سوریا. هەتا لەگەڵ دەوڵەتی لوبنانیش. کەواتە ئیسرائیل لەسەر زەویی واقیع شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵادا دەکات. بەکارهێنانی هێزی سەربازیش بەو شێوە زیادەڕۆییەی ئەمڕۆ ئیسرائیل لە دژی لوبنان ئەنجامی دەدات. جێگای ناڕەزایی نێودەوڵەتییە. دەکرا ئیسرائیل بۆ ئازادکردنی سەربازەکان و سزادانی حیزبوڵڵا رێگای تری بگرتایەتە بەر. هەروەکو روسیا و یەکێتیی ئەوروپی و چەندین وڵاتی تر و نەتەوە یەکگرتووەکان رایانگەیاند. بەردەوامبوونی ئیسرائیلیش لەسەر بەکارهێنانی زیادەرۆیی لە هێزدا ناڕەزایی نێودەوڵەتی لە دژی زیاد دەکات. لەوانەشە سۆزداریی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ حیزبوڵڵا زیاد بکات.

سێیەم/ ئیسرائیل دەتوانێ ژێرخانی لوبنان و حیزبوڵڵا وێران بکات و زەرەری گەورەیان لێ بدات. بەڵکو دەتوانێ هەموو لوبنان یان بەلایەنی کەمەوە خوارووی لوبنان داگیر بکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێم وایە ناتوانێ ئامانجە راگەیەنراوەکانی لەو شەڕەدا بەدەست بێنێت. کە بریتین لە ئازادکردنی دوو سەربازە بەدیلگیراوەکان بە بێ بەرامبەر. هەروەها چەککردنی حیزبوڵڵا و دوورخستنەوەی هەڕەشەی موشەکەکانی بۆ سەر باکوری ئیسرائیل. جا هەرکاتێ ئیسرائیل نەیتوانی ئەم ئامانجانە بێنێتە دی. ناشتوانێت ئیعلانی سەرکەوتن بکات لە شەڕەکەدا. لەبەر ئەوە پێویستە لسەر (ئۆلمەرت) بە دوای رێگەچارەی تریشدا بگەڕێت. جگە لە رێگەی سەربازی.